**أسماء الله و أفعاله الحسنى ١١**

بسم الله الرحمن الرحيم

(والعصر، إن الأنسان لفي خسر،الا الذين آمنوا وعملوا الصالحات وتواصوا بالحق وتواصوا بالصبر).

والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه.

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

ئەوە نزیکەی یازدە مین دەرسە لە دەرسەکانی ئەسماء و ئەفعالی باری تەعالا لە خزمەتتان بەحس کرایە حەتمەن جوملەك ئیستیفسار سوئال لە داخیلی موقابل دروست بووە، فە ئەوها پێمان باش بوو ماددەی ئەورۆمان ببتە سوئال و جەواب لەبۆ ئەو مەوضوعانەی کە لە ماددەی ئەسماء و ئەفعال هەضم نەکرابی، ئەو برایە وەرقەی پێیە، وەرەقەکان تەوزیع دەکا لە ضمنی ئەو مەجموعە موحاضەرانە ئەسماء و ئەفعال هەر ئیستیفسارەك هەر ئیستیفهامەك هەبی ئەگەر خوا تەوفیقمان بدا بتانین ئیزاحەی بکەین، سوئالەکانیش چەند بکرێ موختەصەر بی وە ئیرتیباطی موباشری بە ماددەی دەرسمان بی.

بەحثی مەجموعە قواعیدمان کرد وەختی خۆی، دوو مەجموعە قەواعید بوو، مەجموعەی یەکەم حەفت نوقطە بوو، گۆتمان: ئەو حەفت نوقطەیە مەربوطە بە ذاتی باری تەعالا، پێنج شەش نوقطەیتکەش هەبوو مەربوط بوو بەمەی جەمعی شەبابی صەحوە، وفقی ئائەو قەواعیدانە ئەمە خوا بناسین.

دوو مەجموعە قەواعید بوو حەفتیان مەربوط بوو بە ذاتی باری تەعالا پێنج شەشیشیان مەربوط بوو بەمە، ئەمە کوو ئەو خوایەی بناسین؟ ئەوەی مەربوطە بە ذاتی باری تەعالا ئیحتیاج بە تیکرار ناکا، دیسان سەریع ئەو پێنج نوقطانەی کە مەربوطە بەمە ضروری بوو ئەمە تێبگەین وە هەضمی بکەین و بتانین لە رۆژانەی ژیانمان حوسنی ئیستیفادەی لێ بکەین، دیسان بە سەریعی تیکراری دەکەمەوە.

یەکەمین نوقطە: گوتمان باری تەعالا ئەو ذاتەی خەلق کردیە هەموومان وفقی ئیرادەی خۆی، کو هەر مەعمەلەك جیهاز دروست دەکا، ئەو جیهازە لەبۆ ئیشەکی موعەیەن خاص دروستی دەکا، باری تەعالاش ئەو ذەواتانەی دروست کردیە لەبۆ ئیشەکی موعەیەن فەقەط ئیشەکەش عبادەت کردنە، وە هەرچی وەسائیلیش لە سەمع و بەصەر و فؤاد و دەست و پێ هەمووی دانایە وەسیلە لەبۆ ئیش پێکردنی ئەو جیهازە، لۆوەی جیهازەکە بتانی بە واسطەی ئەو وەسائیلانە عیبادەتی خوای بکا، وە داخیلیشی داخیلی ئینسانەکەی وەکو زەمینەك وەکو مەطارەك لەبۆ ئەو حالەتەی خەلق کردیە، لۆیە هەر خۆی دەتانی وە خۆی حەقی ئەوەشی هەیە بەس، بەس خودا جل جلالە حەتتا پێغەمبەر صلى الله

علیه وسلم حەقی ئەوەی نییە بەس خودا حەقی ئەوەی هەیە فەقەط بتانی وفقی ئەو جیهازەی کە خەلقی کردیە لە داخیلی ئینسان ئەولەویاتی مەعریفە ناسینی خۆی بە ئینسانەکەی بگەینی.
یەعنی وفقی جیهازی دروست کراوی ناو داخیلی ئینسان باری تەعالا وفقی ئەو جیهازەی خۆی بە ئینسانەکەی دەناسێنی، بەس ئەو حەقەشی لۆ خۆی بەجێ هێشتیە ئەو حەقەی نەدایتە کەس، حەتتا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو حەقەی نەبووە کە بێ بە کەیفی خۆی بە ئیجتیهادی خۆی بە مێشکی خۆی بە روئییەی خۆی بێ خوای بە عالەم بناسێنی، لۆیە لە ئەثنای نزولی قورئان کتابەکیتر شەرح مولحەق لەبۆ ناسینی خوای لەگەر نەهاتتە خوارێ، چونکی باری تەعالا فیت بە تەواوی سەدا سەدی دەیزانی چ جیهازەکی خەلق کردیە لەناو داخیلی ئینسان، وە کوش دەتانی ئەو جیهازە تەعلیم بکا لۆوەی بتانی ئەو جیهازە خوای خۆی بناسی ئەوە کو دەکرا؟ بە تەرتیبی نزولی قورئان.
یەکەمین جار سورەتی عەلەق، سورەتی عەلەق چەند ئیسم و فیعلی خوای لەناو سورەتەکەی هەبووبی، جیهازەکەی داخیلی ئینسان ذاتی رسول الله ئەبوبەکر صدیق خەدیجە رەزای خوایان لێبی هەموویان ئەوانە ئیستیعابی ئیسم و فعلەکەیان دەکرد، ئەوجا سەبر سەبر تەرەفوع دەبوون لەبۆ ئیسم و فیعلی پاشی وی کە لە سورەتی قەلەم دێ، ئەویشیان ئیستیعاب دەکرد وەریان دەگرت، ئەوجا پاشان ئینتیزاری ئەوەیان دەکرد سورەتی موزەمیل بێتە خوارێ، ئیسم و فیعلیتکەی باری تەعالای تێدا مەوجود بی ذکر کرابی، وفقی ئەو ئیسم و فیعلانە بەو مستوایە خوای بناسن، قورئان هەمووی پێکەوە نەهاتتە خوارێ فە ئەوە نوقطەی رئیسییە.
نوقطەی دووەم: کە باری تەعالا ئەو جیهازەی خەلق کردیە لە داخیلی ئینسان، بەو نەوعییەتەش خەلقی کردیە کە دەزانی ئەو ذاتە چەند ئیحتیاجی بەو ئیسمەی هەیە، بەو نازناوەی خوای هەیە، یا بەو فیعلەی ئیحتیاج چەندە وفقی ئیحتیاجی ئەو ذاتەی ئەسماء و ئەفعالی لۆ دابەزاندیە، نە زیاد نە کەم.
مەثەلی ئەوەشمان زۆر ئیعادە کردەوە باری تەعالا بیلا تەشبیهـ ولله المثل الاعلی، وەکو دختۆرەکی کە ئەمن نەخۆشبم بچمە کن دختۆری، دختۆر تەشخیصی نەخۆشیم بکا، دەرمانم لۆ دادەنێ لە ئەثنای دەرمان دانانەکەی دوو شتم پێ دەرێ، ئەوە حەبە دەبی ئەوەندە حەبەی بخۆی لە وەندە وەقتەش دادەنێ، لە بەینی بیست و چار سەعاتان چار حەبان بخۆ، یەعنی هەر شەش سەعات حەبەکی بخۆ، ئەو سی حەبەش بخۆ، ئەگەر هاتو چومەوە مارێ حەبەکەم هەمووی هەر سی پێکەوە قوت دا، توشی تەسەموم دەبم یان نا؟ وەیە یان نا؟ مەکشوفە، هەمووی پێکەوە هەر سی حەب پێکەوە قوتدەم دەبی بمبەنە خەستەخانەی غەسل مەعیدەم لۆ بکەن، ئەو حەبەیە کە دختۆر لۆی دانایمە بە عیلاج ئەمما وفقی ئیرشادی دختۆر وەرمنەگرت دەبتە سەم لێم، زەهر.

ئەگەر هات و شەش سەعاتەکان بکەمە هەژدە سەعات شازدە سەعات، ئەو ئیستیفادەیەی کە حەبەکە دەداتە بەدەنی من لە ظەرفی ئەو شەش سەعاتەی بکاتە شازدە سەعات ئیستیفادەکەی نامینێ، کو ئەمن گولە بەرۆژەم قوت دابی عەینی ئەوهای لێ دێ، بەدەنم ئیستیفادەی لێ ناکا، ولله المثل الأعلى، باری تەعالا چەند حاجەی داخیلی ئینسان لەبۆ ئیسم و فیعلی هەبووبی ئەوەندە ئیسم و فیعلەی لۆ دابەزاندیە، نە زیادی لۆ دابەزاندیە نە کەم، زیاد کردنەکە هەر ضەرەری هەیە، کەم کردنەکەش ضەرەری هەیە، کێ دەبی ئەو هەندەسەیەی دابنێ موهەندیسی ئەو حالەتەی بی؟ خالیق الله خۆی خالیقە خۆی دەزانی داخیلی قەلبی ئەو ذاتەی چەند ئیحتیاجی هەیە، لۆیە ئەوەندەشی لۆ دابەزاندیە.

سێیەمین: گوتمان قورئان بە زمانی عەرەبی نەهاتتە خوارێ بە لیسانی عەرەب هاتتە خوارێ، بە لوغە نا لە قورئان باری تەعالا نەی فەرمووە بە لوغەی عەرەب قورئانمان هینایتە خوارێ، گوتمان بە لیسانی عەرەب هاتتە خوارێ لیسان غەیری لوغەیە، لوغە ئائەو قسە کردنەیە کە ئێستا کابرای بەغدایی لە بەغدا قسەی پێ دەکا، پێی دەگوترێ لوغەی عەرەبی ئەو لوغەیە پاشی زەمانی پێغەمبەری بە جوملەك تەطەور داچووە، کەلیمەی تەطەور بەینە قەوسەین جوملەك شت تەغیر بووە لە مەعنای.

مەثەلەن کەلیمە، کەلیمە لە زمانی عەرەبی لە لوغەی عەرەبی مەقسەدم یەعنی وشە، قامە کەلیمەیە وشەیە عیلمەن لە قورئان کەلیمە جوملەیە (إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا) (مؤمنون ١٠٠)، عیلمەن کابرا کە دەیگۆ جوملەکی دەگۆ یەعنی رستەکی دەگۆ رستەکە مەعنای تەواوی هەبوو.

ئیذەن کەلیمەکە وەکی خۆی مایە ئەمما مەعنایەکەی لێ دەرهاتیە مەعنایان لێ دەرهینایە، لۆوەی مەفهومی کەلیمەی کەلیمە وشە جاران رستە بوو ئێستا بویتە وشە، ئەو حالەتە لەسەر زۆربەی لوغەی عەرەبی داهایتە، لۆیە کابرای بەغدایی کە دێ قسان دەکا لەگەل کابرای مەغریبی تێکناگەن، کابرای مەغریبی و کابرای لوبنانی تێکناگەن عەرەبیش قسان دەکەن، ئەمما قسەکەیان لوغەیە باری تەعالا بەو لوغەی قورئانی دانەبەزاندیە بە لیسان دایبەزاندیە، لیسان گوتمان جوملەك ئیعتیباراتە ماعەدای فۆنەتیك ئەو صەوتە کە حەرفی جەر و مەجرور و فیعل و فاعیل لێی دروست دەبی، جوملەك مەفاهیمیشە کە تەمثیلی مێژووش دەکا تاریخ توراث عادات و تەقالید موعاناتی داخیلی ئینسان.

مەثەلەن کەلیمەی غەم، غەم حالەتەکە لە داخیلی ئینسان لە قورئانیش هەممە، لە کوردیش هەممە غەممە لە عەرەبیش لە مەفهومیدیش نەفسی فۆنەتیکی هەیە، کەلیمەی (الله) نەفسی شت، چونکی تەعبیرەکە لە داخیل مەوجودە بە نەفسی ئوسلوب دێتە سەر زمان، ئەگەر کابرا زمانیشی نەبی بیەوێ تەعبیر لە (الله) بکا.

وەکو پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) گەیشتە ئائەو ئافرەتەی، ئافرەتەك لاڵ بوو ساحێبەکەی جاریە بوو، ئافرەتەکە ساحێبەکەی شکاتی لێ کرد گوتی ئەوە کافیرەیە لە لای پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم)، پێغەمبەریش بانگی کرد ئیمتیحانی کرد گوتی أین الله؟ کا خودا؟ دەستی لۆ ئاسمانێ درێژ کرد، ئائەو دەست درێژ کردنە تەعبیری داخیلیتی کە فیعلەن خوایەك هەیە ئەمما بە زمان نەیگۆ، ئائەو تەعبیر کردنە لیسانە لۆیە زۆر جار ئینسان غەمی داخیلی خۆی تەعبیر دەکا بە فرمێسك هاتنە خوار ئەزیەتی خۆی حوزنی خۆی بە گریان تەعبیر دەکا.

منداڵ منداڵی گچکە دوو مانگی و سێ مانگی هەتا نەگریێ نازانین عەیبی چییە؟ کە گریا داك ئەگەر زیرەك بی بەس ئوسلوبی گریانەکەی دەزانی ئەو منداره برسیە یان نا، خۆی پیس کردیە ئەو منداره یان جێیەکی دێشی بەس لە صەوتی گریانەکەی، ئەو گریانە لیسانە ئەو گریانەی پیاوی گەورە لیسانە، ئەوە هەمووی جەمعیکە دەبتە لیسان.

گوتمان لوغەش بەس زمانە عەرەبیەکەیە، عیلمەن لیسان هەموویتی، باری تەعالا جل جلالە هەرچی بیەوێ لە ئینسانەکەی لە داخیلی خەلقی کردیە، بە لیسانی قورئانەکەی لەبۆی تەعبیر دەکا بەس.

لۆیە عولەماء بە ئیجماع موتەفیقن لەسەر وەی شەرط نییە هەموو کەس عەرەبی بزانی، وە هەموو کەسیش قورئان بزانی بخینی، ئەمما دەبی هەموو کەس بزانی خوای کو لە خۆی رازی کا، مەطلوب نییە عالەم قورئان من ألفها إلى يائها ئیللا دەبی بزانی لۆوەی خوای خۆی رازی کا، رضوان الله مەربوط نییە بە خیندنی قورئان ئەوە لیسانی عەرەبە.

چارەمین: گوتمان أسماء الله و أفعاله دەبی بە شمولی وەربگیرێ، هەمووی تێکڕا حەفت ئیسم و فیعل نییە باری تەعالا لەسەری ئەساسیاتی ئیسم و فیعلی خۆی داینابی و ئیدکەشی ثانەوی دانابی، نەخێر، أسماء الله و أفعاله هەمووی تێکڕا هەضم دەکرێ تیکڕا فەهم دەکرێ، میثالیشمان زۆر هینا نەفسی میثال ئیعادە دەکەمەوە، زۆر جار لەناو عولەمای مەش هەیە ئەو قسەیە دەرێ باری تەعالا بە عەدالەتی خۆی نەکا بە رەحمی خۆی بکا، والعیاذ بالله کأنە عەدالەتی خوای لەگەر رەحمی موعاکیسە ضدی یەکە، عیلمەن وەنییە، کە موحاسەبە دەکا قیممەی عەدالەت و رەحمەتە، ئەمما ئەوە تێنەگەیشتنە لە ئیسم و فیعلی باری تەعالا، لۆیە ئەو حالەتە لە ذیهنمان دروست بووە.

نوقطەی پێنجەم: کە باری تەعالا بەحثی ئیسم و فیعلی خۆی دەکا لە قورئان دەفەرمێ: (وَلِلّٰهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى) (الأعراف١٨٠) راناوەستی لێرە تەکمیلەی دەکا: (فَادْعُوهُ بِهَا) ئەوە مەقسودەکەیە، نەك ئەمە بێین مێشکمان پڕی ئەسماء و ئەفعالی خوا بکەین، وەکو کۆمپیوتەر ذیهنمان پڕ کەین، نەشتانین کو (فَادْعُوهُ بِهَا) بکەین لەگەل ئەو ئەسماء و فیعلانە، موشکیلەی شەبابی صەحوە ئەو نوقطەیەیە، کیهانمان لەمە نازانین خوا سەمیعە؟ شکمان لەوەی هەیە کیهانمان لەمە نازانی خوا رەقیبە؟ کیهانمان

لەمە نازانین خوا حەسیبە؟ هەموومان دەزانین ئەمما کیهانمان وفقی ئەو ئیسم و فیعلە لەگە باری تەعالا تەعامول دەکەین؟ ئەگەر لەگە خۆمان خۆمان لەگە باری تەعالا صادق بین، کە شەیطان تەوژم لەبۆ من دینی غەیبەتەك بکەم نەزەرەك بکەم رەقیبی و سەمیعی خوای لە ذیهنم هەیە عیلمەن لەبەریشمە، (عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِىِّ صلى الله عليه وسلم قَالَ « إِنَّ لِلَّهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ اسْماً مَنْ أَحْصَاهَا دَخَلَ الْجَنَّةَ » الترمذي)، حەتمەن ئەوەمان گێ لێبووە خوا سەمیعە، خوا بەصیرە خوا رەقیبە خوا موعینە خوا غەفورە خوا تەوابە خوا(سریع الحساب)یشە.

نادیرە ئەو حالەتە فیعلەن ئەو گوناهە لەبۆ خۆم تەبریر نەکەم، نەرێم و(الله) لە ریاض الصالحین ئیمامی نەوەوی لە شەش جێیان غەیبەتی حەڵاڵ کردیە، ئەوە فێل لە خۆم دەکەم فێل کردنە لە خۆم دەکەم، کە فێل لە خۆم دەکەم کأنە فێل لە باری تەعالاش دەکەم، والعیاذ بالله، ئەمە لەو نوقاتانە تێکەتینە بە تەصەورم، ئەمە کەسمان لەمە لەو بوعدەی نەماینە شەیطان بەمە بڕێ بڕۆ عارەقی بخۆ، بڕۆ قوماری بکە، لەو بوعدەی نەماینە ئەمە نەك دینییەن هەر عەیبە لۆمان، زۆریش هەیە موتەدەینیش نییە ئەو حالەتانە ناکا، ئەمما فیعلەن لە ئەثنای کە شەیطان هجوم دەینی بەو ئیسم و فیعلە کە لە ذیهنمانە کە مومارەسەمان پێی نەکردیە (فَادْعُوهُ بِهَا)مان کردیە؟ لە جەواب نەخێر، موشکیلەی مە ئەوەیە نوقتەی ضوعفی مە ئەوەیە.

بەلێ زۆرمان لەبەرە زۆر کتابی عەقائیدمان خیندیە هەر لە کتابی عەقیدەی کوردی، ئەمما لەناو داخیلمان ئایە تانیتی ئەو عەقیدەیە ئەو حالەتە دروست بکا؟ کە فیعلەن بە تەصەوری خۆم ئەمن فێل لە خوای نەکەم لۆیە ئەصلی ئەو هەموو دروسانە ئەو هەموو مەواضیعانە ئەوە تەقریبەن شازدەمین لیقائە، (وَلِلَّهِ الأَسْمَاء الْحُسْنَى) خەت لەبن (فَادْعُوهُ بِهَا) دروست بکەین، لە داخیلی خۆمان بتانین فیعلەن بەو ئیسم و فیعلە عیبادەتی خوای کامل پێ بکەین.

شەشەمین: ئەو مەوضوعانە ئەو ئەسماء و ئەفعالانەی خوای مەوضوعییەن لە مێشکی ئینسان ئەکادیمییەن وەکو مەکتەبێ وەکو کوللیەی دانیشی فێری بکەی فێر ناکرێ نەخێر، دەبی ذاتەکە خۆی شەخصی مەوجود موقابیل خۆی کەلیمەکەی وەربگری، لەناو ضمنی سورەتەکەی لەناو لە بەینی سورەتەکەی لە سورەتی عەلەق کەلیمەی رەب هەیە، خۆی کە مەعنایەکەی تێیگەیشت بچی لە مارێ دانیشی مومارەسە بکا مەعنای کەلیمەی رەب چییە؟ سەعاتەك دوو سەعات هەتا داخیلی کە کەلیمەی رەبی تێدا خەلق کرایە ئیعادە ببتەوە، ئائەوەیە مەفهومی تەزکییە، مەفهومی تەزکییە کابرای ذات دانیشی لە ماڵێ موراجەعەی خۆی بکا، مەفهومی کەلیمەی رەب لە داخیلی خۆی دروست کا بە قیرائەی هەموو مەخلوقاتی خوای، ئەووەختی فیعلەن کەلیمەی (الله) لە پێش چاوی رەبی لەبۆ دروست دەبی، (الله) رەببە پاشان کە تەمەشای مەخلوقاتی دەکا چاو دەگێری لە مەخلوقاتی ئەوجا

فیعلەن خوا دەبتە خالیق، ئەمە هەموومان موتتەفیقین لەوەی خوا بونەوەری خەلق کردیە، خودا خالیقی عاردە ئاسمانە رۆژە شەوە ئەستێرەکانە پەنجەکانمان چاومان دەستمان خوا خالیقە، ئەمما هیچ بووە رۆژێ نیو سەعات هەر تەمەشای نینۆکی خۆمان بکەین برێین فیعلەن خوا خالیقەکی عەظیمە؟ فیعلەن خوا تەلوینەکی عەجیبی دایتە ئەو نینۆکەی، نینۆکمان سۆر بایە مەثەلە شین بایە چەند ناشیرین بوو.

باری تەعالا زۆر باریئیشە لە تەلوین کردن، باشە باری تەعالا لۆ نینۆکەکەی ئەوها دروست کرد؟ لۆ تەنیشتەکانی زیاتر نەلواند لە پەنجەکەی بخشێ؟ کیهانمان نیو سەعات دانیشتینە ئەو حالەتەی بکەین؟ کە فیعلەن (الله) کە خالیقە لە مەعریفە بە ذیهن لە مێشك تەحویل ببی لەبۆ خالیق لەبۆ داخیلمان کە فیعلەن (الله) خالیقە، هیچ دانیشتینە؟ لەسەر سفرەی دادەنیشی کەرەوز هەیە، فلان هەیە، پرتەقار هەیە، ئائەو پرتەقارە ئەو رەنگەی لە کێ هینایە؟ لۆ پرتەقاری کورەی ئەرض هەموو ئیتیفاقیان کرد رەنگیان ئەو هابی؟ لەگەل رەنگی لیمۆی فەرقی هەبی لۆ؟ کەینێ ئەو موئتەمەرە کرا؟ هەتا ئەو حالەتە لە داخیل دروست نەبی مەفهومی کەلیمەی رەب مەفهومی کەلیمەی خالق دروست نابی، وەکی قاندرمە پێبرقەیە هەتا دەرجەی بنەوە مەوجود نەبی خشتی دووەم ئیتکە نایەتە سەری، قاندرمەی دووەم دروست نابی، دەی سەبر سەبر مودەرەج ئەوهایە تەمەشاکەن باری تەعالا ئەوە سوننەتیتی، ئەوە ئیشیتی عادەتی خوایە جل جلالە هەموو شتەك بە نیظام و بە قانون دەکا، فەوضای لەکن نییە هەموو شتەکی لە سفرەوە دەست پێ دەکا.

تەمەشاکەن هەر لە مندارەوە لە کۆرپەوە لەناو زگی داکی جەنین لە سفر زەمەن لە سفری نەوع دەست پێ دەکا، ئەو کۆرپەیە لەناو زگی داکی دەی سەبر سەبر گەورە دەبی گەورە دەبی هەتا دەگاتە ئەو مستەوایەی ویلادەی ببی، کە ویلادەی دەبی چاوی هەیە، ئەمما نابینی، گێی هەیە ئەمما نابیستی، زمانی هەیە ئەمما ناتانی قسان بکا، دەستی هەیە حەرەکەی پێ ناکرێ هەمووی مەوجودە.

قەناعەتتان هەبی هەموو ئەسماء و ئەفعال لە داخیلمان مەعانییەکانی مەخلوقە بەس دەمینێ ئەمە بێین سەرلەنوێ نمووی پێ بدەین، گەشەی پێ بکەین، لۆیە ئەنبیاء و روسول بە ئیمان نەهاتینە ئیمان بدەنە عالەم، نەخێر ئیمانەکەی تێدا کەشف کەن تێیدا دەربینن، وەکو لەبن ئەو عاردەی نەفت هەبی ئەمما ئەمە نەزانین، عالیمەك لەولاوەی بێ جیهازی پێبی جیهاز، بە جیهازەکەی کەشفی کا ئێرە نەفتی هەیە نەفتەکەی بە جیهازەکەی دەربینی، ئەنبیاء هەر ئەوەندەیان پێیە، ئەنبیاء ئیشی ئەوەیان نییە ئیمان دروست کەن، لۆیە لە هەموو قورئان ئیشی هەموو ئەنبیاء: (یتلوا آیات الله)، قاتیبەتەن لە بیدایەتی قورئان هەتا نیهایەتی (یتلون ایات الله ویزکیهم)، بە تیلاوەی ئایاتی کەونی تەزکیە دروست دەبی ئەوجا پاشان: (ویعلمهم الکتاب والحکمة)، مەرحەلەی سێیەم و چارەمە.

یەکەمین: (هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ) (الجمعة ٢)، ئیشی یەکەمە تیلاوە، هەموو ئەنبیاء و روسول تیلاوە دەکا تیلاوەکە چییە؟ پێغەمبەرمان صلی الله علیه وسلم بە موصعەبی گوتییە: (أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ) (الغاشیة ١٧)، موصعەب عومری بیست و پێنج سارە تەمەشای ئیبل دەکا، ئەمما لەبەر ئەوەی چونکی بیئە و کوفر و وەسط و صەنەم ئەوانە پەردەکی لە پێش ئیبل دروست کردبوو، لە پێش چاوی موصعەبی بە چاوی حەقیقەت تەمەشای ئیبلەکەی نەکا، لۆیە رب العالمین ئەمری پێ دەکا بە پێغەمبەر بە موصعەب بلێ: (أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ) موصعەب رادەوەستی بەلێ فیعلەن حەقی وەیە ئەمن موراجعەی ئیبل بکەم، نەفسی ئەو حوشترەیە بیست و پێنج سارە لە پێشی ئەبوبەکر، چل سالە تەمەشای حوشتری دەکا هەر نەفسی ئیبلە نەفسی حوشترەکەیە، ئەمما تیکرار دەکاتەوە ئەو جارە تەمەشا کردنەکەی پەردەکەی لادایە، لۆیە لەپێش چاوی مە لەسەر گێی مە پەردەك هەیە، حاشاکی حازری پەردەی گێلاتیە ئەمە گێل کراینە تەسەطوح کراینە، لۆیە وەکی کابرای کافر دەمانەوێ لە پێش چاومان رووبدا.

مەثەلەن مێش هەنگوین لە شانەی خۆی کەلیمەی الله دەنووسی پێمان عەجیبە، الله أکبر شتەکی موهیممە پێمان، موهیممە رسمی دەگرین تەوزیعی دەکەین نەشری دەکەین، حەیوانەکی سەر دەبرن لەسەر رانەکەی نوسرایە کەلیمەی الله، زۆر موهیممە عەجیبە لەسەر سینگی حەیوانی لە پەراسوەکی نوسرایە کەلیمەی الله، زۆرمان پێ موهیممە، لە ئەلمانیا رسممان لۆ هاتیە لە غاباتەکەی بە تەختەدار نوسرایە لا إله الا الله محمد رسول الله، زۆرمان پێ موهیممە لە دیوارمان دایە.

عیلمەن ئەوانە هەمووی سەطحییەتە بە ئیعتذارەوە قسەی دەکەم، سەذاجەتە هەر ئینسان تەمەشای خۆی بکا: (فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ إِلَى طَعَامِهِ) (عبس ٢٤) (فلينظر الانسان الى نفسه كيف خلق أفلا ينظرون) دەبی ئەو پەردەیە لابچی فیعلەن رۆژێ شەوێ نیو سەعات دانیشی، لۆ ئەو ئاسمانە رەنگی شین بوو لۆ؟ لۆ شینایی رەنگی کەسك بوو لۆ؟ لۆ چیا ئەوهابوو نەوعەکیتکە نەبوو؟ کو وەی لێ هات؟ لۆ؟ لۆ ئەو بولبولە گچکەیە حونجرەکی گچکە گەروەکی گچکە سێزدە نەوعە سێنفۆنییە دەردەکا کێ فێری کرد؟ چ مامۆستایەك چ مودەریبەك فێری کرد؟ کو دەتانی فیعلەن ئەو لەحنەی بەو نەوعەی دەربینی لۆ؟ فیعلەن هەتا ئەو حالەتە دروست نەبی لە مەفهومی کەلیمەی خالیق ناگەین ئەمە، هەتا لەو کەلیمەی نەگەین بەو نەوعەی ناتانین حەقی خالقییەتی خوای بدەین، فیعلەن ئەوجا تەعەبودیش بکەین بە مەفهومی خالیق.

کەلیمەی ئەکرەم: (اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ) (العلق ٣) یەك جار لە هەموو قورئان هاتییە، قەناعەتتان هەبی هەتا ئەو حالەتە لە داخیل دروست نەبی تەفەهومی ئەو کەلیمەیەی ناکرێ، عیلمەن کەلیمەی

کەریم زۆر جار هاتیە کەریم جودایە ئەکرەم جودایە، لۆیە باری تەعالا بە نەفسی سوننە و قانون دادەڕوا، مندار هەتا عومری شەش سار نەبی لەناو مەکتەب داناندرێ، خۆ چاوی هەیە گێی هەیە دەستی هەیە زمانی هەیە، ئەمما ذیهنی مێشکی لە مستەوای ئەوەی نییە بتانی حروفەکانی کە مامۆستا فێری دەکا کەلیماتی لێ دروست کا، ناتانی لۆیەش هەر لە ئیبتدائی صەفی یەك رسمی مراوی لۆ دەکەن دەلێن ئەوە حەرفی یائە، چونکی مراوی دیتیە حەرفی یائی نیهائی دەتانی رەبط کا بەشکلی مراوی، حەرفی نوون ئەوە مەنجەلەکە کفتەکی لە ناوە رسمی لۆ دەکا مامۆستا، چونکی لە واقیعی حەیات ئەمثیلەی هەیە، هەتا حروفەکان فێرنەبی ناتانی کەلیمە دروست کا، (د) وەکی دمدوکی قازییە، (ئا) وەکو دارییە، (ر) دار رسمەکان لە پێش چاوی دروست دەبی ئەوجا دەتانی کەلیمەکەی دروست کا.

یەکەمین جار حەرفەکان پاشان کەلیمە (ولله المثل الأعلى) نەفسی خەریتەیە، باری تەعالا لەسەر مەش دەکا لەبۆ دروست بوونی ئیمان وە ناسین و مەعریفەی خوای جل جلالە، لۆیە قورئان هەمووی پێکەوە نەهاتتە خوارێ، باری تەعالا نەیدەتانی وەکو تەورات و ئینجیل بیهینتە خۆارێ؟ با لۆ ئەو های نەهینا خورائ؟ لۆوەی فیعلەن دەبی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم وەکو کوو تەدریب و تەربیە دەکرێ، وەکو هەموو ئینسانەك دەبی ئەویش سەبر سەبر ئەو نەوعە بەو نەوعەی ئیمان بە ذاتی رب العالمین دروست کا، بەو نەوعەش خوای بناسی لۆوەی بتانی: (فَادْعُوهُ بِهَا) بکا، ئەوجا کە ئەوە دروست بوو پەیژەی یەکەم یان چینی یەکەم لە دیوار دروست کردن، کابرای وەستا کە دروستی دەکا ئەوجا چینی دووەم دێ چینی دووەم لەسەر چینی یەکەمە، ئەسماء و ئەفعالەکانی سووەری یەکەم دروست بوو لە داخیل ئەوجا سووەریدکە لەسەری بینا دەکرێ، لۆیە هەتا بەو حالە و بەو ئوسلوبەی نەبی هەر ئەمەینە.

هەر ئەو ذاتانەنە قورئان لە بەقەرەوە هەتا سورەتی ناس چەند جارمان خیندیە وەنییە؟ زۆرما قورئان خەتم کردیە ئەمما فیعلەن چەندمان ئیستفادە لەو قورئانەی کردیە، عیلمەن هەموومان موتەفیقین لەوەی فیعلەن قورئان کلام الله، فیعلەن کە لەگەر قورئان تەعامول دەکەین ئەمە خۆمان ئەمە ئەو گەنجانە وەکو طەبعەی سعودی تەعامولی لەگە ناکەین وەکو هەر کتابەك وەکو هەر وەرەقەك، یەعنی بە تەصەورمان قورئان حەتتا دەرێن قورئان قورئانە، عیلمەن باری تەعالا ئەو کەلیمەیەی لۆ خۆی ئیستعمال کردیە، خودا جل جلالە بە کتابەکەی خوی دەفەرمووی قورئان، لەبۆ مە دەبی برێین کلام الله، کە دەرێیین کلام الله مەقامی خوای لەکنمان چەندە قورئانەکە ئەو قیمەتی هەبی، نەك طەبعەی سعودیە ئەوە مەلیك فەهد طەبعی کردیە، یان طەبعەی ئەوقافی عێراقە، هەتا ئەو حالەتانە دروست نەبی ئەسماء و ئەفعال تێی ناگەین.

لۆیە چاردە دەرسە ئەو مەوضوعانە موکەرەرە ئیعادەی دەکەینەوە، لۆیە ئێستا هەر شەخصەك پاشی ئەو تەبسیطە ئەوە پێنجەمین دەرسە ئیعادەی تەبسیط لەبۆ ئەو قەواعیدانە، کێ سوئالی هەیە ئیستیفساری هەیە تەعلیقی هەیە نەقدی هەیە قبولمانە ان شاءالله تعالی، پاشی وانەش هەر دەکرێ سوئال بکا.

(پرسیار)تە علیم مانای جی یە (وەڵام) دەیانگۆ ئەو حەیوانە تەعلیم کرا، عەلامەتی پێوە داندرا، لە کرمانجەتی خۆشمان حەیوان پشتی تەمغەی لێ دەدەن بە ئاگر دەسوتێنن یان صبغی دەکەن ئەوە پێی دەگوترێ عەلامە دانان، ئیشەکە پێی دەگوترێ تەعلیم، لۆیەش دەولەت دەبی عەلەمی هەبی، شەرت نییە هەموو کەس ئینگلیزی و عەرەبی بزانی ئەمما هەموو کەس کە چاوی هەیە عەلەمی دەولەتەکەی دیت، دەزانی ئەو دەولەتە ئەوە عەلەمەکەیتی ئەو عەلەمە ئی فلان دەولەتیە.

عەلەمی مەثەلەن عێراق ئەستێرەکانە و (الله أكبر)ی لەسەری نوسرایە، هەر کێ ئوممیش بی هەر کە عەلەمی عێراقی دیت دەزانی ئەوە عەلەمی حوکمەتی عێراقییە، عەلەمی لوبنانی رسمی دارەکی لەسەرە داری ئەرز، کابرای ئوممیش خیندەواریش نەبی کە ببینی دەزانی فیعلەن ئەوە عەلەمی لوبنانە، ئەوە چیپێ دەگۆترێ؟ عەلامە نیشان کردن.

بێین باری تەعالا کو ئەمەی تەعلیم کردیە؟ لە جەواب تازە بەحثی جیهازمان دەکرد، ئەو جیهازەی ئێرە[مامۆستا تەئشیر لۆ سینگی دەکا] صەدر و قەلب باری تەعالا دروستی کردیە لەبۆ عیبادەت کردن، گۆتمان ئەو وەسائیلانەش چاوە گێیە دەستە هەمووی وەسیلەیە سەبەبە لەبۆ ئەو عیبادەتەی، ئەمەش فەقەط لەبۆ عیبادەت کراینە بەس، کو گۆتمان ساحێب مەعمەل ئەوەی لەبۆ ئیشەکی خاص دروست کردیە ساحێب مەعمەل ئەوەی لەبۆ ئیشەکی خاص دروست کردیە، ئەمەش ساحێبمان لەبۆ یەك ئیش ئەمەی دروست کردیە عیبادەت کردنە.

لۆیە ئەو داخیلەی ئەوها دروست کردیە جیهازەك هاتیە تەعلیمیشی کردیە، ئەثەری لەسەر دانایە، وەکو حاشاکی کابرای عەرەبی قەدیم بێ تەمغە لە شتەکەی بدا عەلامەی لەسە دانێ، باری تەعالاش (ولله المثل الأعلى) عەینی ئەوهای کردیە، جیهازەکەی کە خەلق کرد، برێین ئەوە جیهازەکەبی ئەوە جیهازەکەبی کە خەلقی کرد، هاتیە یەکسەر هەرچی بیەوێ لە مەفاهیمی دینی ئیمانیات لەناو ئەو جیهازەی دانایە.

ئەوە[کاسێتی لە دەستە مامۆستا] جیهازەکەبی ئەو کاسێتە باری تەعالا ئەوەی هەمووی پڕ کردیە، لەوەی ئەوەی بکە چاکە ئەوەی مەکە خراپە ئی هەموو بەشەر، هەتا بیگن، ریگن، جورج بوش، ئەوانە هەمووی کۆمپلیت هەمووی ئەوها تەعلیم کردیە ئێرانەشی[بن کاسێتەکەی] شکاندیە لۆووەی نەسترێ، ناسترێ بەتاتەن ئەو جیهازەی ئێرە کە باری تەعالا خەلقی کردیە بەتاتەن ناسترێ، ئەوە

مەفهومی تەعلیمە: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ) (العلق ١) (خَلَقَ الْإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ) (العلق ٢) (اقْرَأْ وَرَبُّكَ الْأَكْرَمُ) (العلق ٣) (الَّذِي عَلَّمَ بِالْقَلَمِ) (عَلَّمَ الْإِنسَانَ مَا لَمْ يَعْلَمْ) (العلق ٥) چ بوو؟ (وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا) (البقرة٣١) (وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا) حەزرەتی ئادەم کە خەلق بوو باری تەعالا خەلقی کرد داینا روحیی دایێ یەکسەر کە وەعی هاتەوە سەرە خۆی گوتی ئەمن کێمە؟ ئەگەر ذیهنیشی نەبی حەزرەتی ئادەم ئەمما جیهازەکەی پێیە یەکسەر تەمەشای جیهازەکەی کرد نوسرایە (الله) گوتی یارەبی ئەتو (الله)ی باشە ئەوانە چنە؟ تەمەشای جیهازەکەی خۆی کرد ئەوانە مەلائیکەتن فەرمووی ئەوانە مەلائیکەتن لۆ؟ تەعلیم کرایە حەزرەتی ئادەم، حەزرەتی ئادەم تەعلیم کرایە.

لۆیە باری تەعالا لەبۆ حەزرەتی ئادەم مێز و کورسی دانەنا ئەلف باء تاء ثاء فێرکا وەیە یان نا؟ مەعلوتانە باری تەعالا ئەوهای لەگەر والعیاذ بالله لەبۆ حەزرەتی ئادەمی نەکرد، باشە لەکنە مە تەعلیم چیە؟ مێز و کورسیمان هەبی بەرامبەر سەبورەی مامۆستا فێرمان کا ئەوە تەعلیمە، لە قورئان ئەوە تەعلیم نییە، تەعلیمەکە ئەثەر دانانە و عەلامەت دانانە.

ئیذەن ئەو عەلامەتە کە باری تەعالا لە داخیلی ئینسانی دانایە ناسترێتەوە بەتاتەن، لۆیە کابرای کافر کە رۆژی قیامەت کە هەردەستتەوە لێیان دەپرسن: (مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ) (المدّثر ٤٢) چی ئەنگۆی هینا ئەو مستەوایەی ئەو جەهەننەمەی؟ (قالوا) بە فیطرە قسان دەکەن، بە جیهاز قسان دەکەن: (قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ) (المدّثر ٤٣) (وَلَمْ نَكُ نُطْعِمُ الْمِسْكِينَ) (المدّثر ٤٤) (وَكُنَّا نَخُوضُ مَعَ الْخَائِضِينَ) (المدّثر ٤٥) (وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوْمِ الدِّينِ) (المدّثر ٤٦) (حَتَّى أَتَانَا الْيَقِينُ) (المدّثر ٤٧)،(فَمَا تَنفَعُهُمْ شَفَاعَةُ الشَّافِعِينَ) (المدّثر ٤٨) ئەو وەختی جیهازیان قسان دەکا زمانیان خەتم دەبی.

ئیذەن هەموو بەشەرییەت هەر لە ئادەمەوە هەتا ئەخیر ئینسان لەسەر وجود جیهازی داخیلی تەعلیم کرایە، ئەنبیاء چ دەکەن؟ دێن ئائەو تەعلیمەی لەبۆی ئیعادە دەکەنەوە کورە بابە عەزیزم چاوی من روحی من خوایەك هەیە خالیقە، ئەویش رادەوەستی فیعلەن کورە خۆ ئەو ئاسمانە! ئەو حەیوانە! ئەو ئاوە! ئەو هەوایە! ئەو بەشەرە! ئەو ئاوە! ئەو خواردنە! خۆ راست دەکا ئەو ذاتە ئەو پێغەمبەرە، ئائەوە تەعلیمەکە دەستی بە نوێکردنەوە بوو، هەرچی تۆز و غوباری دونیا هەیە لەسە وەی پێغەمبەرەکە دەیسڕی، هەر بەوەندەی کە ئەوەندەی گوت کابرا دێتە سەر خەت، یەکسەر ئەوجا ئایات وەردەگری تەطبیق دەکا، وەردەگری و تەطبیقی دەکا، دەبتە: (آمنوا وعملوا) (آمنوا وعملوا) ئەوە مەفهومی کەلیمەی تەعلیمە.

(وەڵامی پرسیار) ئەو مەوضوعە با بمینێ هێشتا نەگەیشتینێ مەوضوعی قیرائە و تەرتیل و تەرتیبی نزول لە موستەقبەل ان شاءالله.

(پرسیار) هەر یەك لە ئیسم و فیعلی خوای گەورە زەمەنی چەند پێویستە قیرائە بكرێ بۆ ئیستیعاب كردن و هەضم كردنی.

(وەڵام) سوئالەكی مەعقولە، گوتمان ئەوە جیهازەكەیە مەخلوقە تێیدا كە حالەتەك بەشەری عادی ئەمە ئیحساسی پێ دەكەین وەكو لە هەر ماددەك تەعلیم بكرێین هەر ماددەك، مەثلەن مامۆستا لە مەكتەبێ بەمەی گۆ ئاوی چركاو پیسە، ئەو چركاوەی بە جۆگان دادەڕوا پیسە، ئەمە مندالبووین لە مەكتەبێ صەفی چار بەمەی دەگۆ پیسە، عیلمەن گچكەتر بووین داكمان بەمەی دەگۆ كخەیە نەفسی ماددە بەس دەنگەكە موختەلیفە، گەورەتربووین چووینە ئەعدادییەی گۆتی میكرۆبی تێدایە هەر نەفسی شتە، ئینەما مەوضوعەكە ماددەكە نەفسی ماددەیە بەس كەلیمەكە گۆڕایە تەعبیر لە كەلیمەكە گۆڕایە، موحتەمەلە ئەگەر جەنابم بچێتە قسمی كیمیا لە كوللیە یان قسمی بایولۆژی ئەووەختی موصطەلەحیتكەی لەبۆ ئیستعمال بكرێ، ئەگەر ببمە طەبیب ئەووەختی ئیستعمالی ڤایرۆس و شتی موعەقدتر دێتە گۆڕێ.

ئیذەن ماددە نەفسی ماددەیە بەس تەعبیر لەگە مەفهومی ئینسانەكەی موختەلیفە، ئەگەر هاتوو ئەمە لە مەفهومی كەلیمەی (رب) گەیشتین، كە داكم مندالْ بووم پێمی گۆ كخە دەستم لێ سەحب كرد، چیدی دەستم لۆ درێژ نەكرد، ئەوە كافییە ئەمن زەمەنییەن فێربوم ئەمما جارەكی دیكە دەستم لۆ درێژ كرد دیسان دەرێ كخە، دەست درێژ كردنی من لەبۆ شتەكەی دەلیلی ئەوەیە ئەمن فێری شتەكە نەبوویمە بەس لە ذیهنم مایە بەس لە مێشكم مایە.

مامۆستا لە ئیبتدائي صەفی چاری ئیبتدائی بووم بەمنی گۆ كورم وەكی چوویە ناو جادەی بە پێخواسی مەچوو، چونكی چركاوەكان هەمووی پیسن، ئەگە ئەمن تەطبیقم كرد ماددەكە لە ذیهنم بوویتە عیلم لە داخیلم وەرمگرتیە، ئەمما ئەگەر تەطبیقم نەكرد ماددەكە لە مێشكم مایە، وەكو كابرای دختۆر، چەندمان دختۆر دیتیە جغارەی لە بەینی پەنجەكانە بە مەش دەرێ جغارەی مەكێشە، دختۆریشە، چەند مەقالەی خێندیە لەسەوەی جغارە زەرەری هەیە، چەندی گێ لێبووە لەوەی جغارە خراپە ئەمما عەمەلیش پێ ناكا، لۆ؟ مەعریفەكەی طوببی هەر لە ذیهنی مایە نەچوویتە ناو قەلبی نەبوویتە عیلم، نەچوویتە ناو جیهازی لەگە جیهازی تەطابوقی نەكردیە.

لۆیە كەلیمەی (رب) كە هات ئەمە لە قورئان لە سورەتی عەلەق وەرمانگرت لە مەفهومەكەی گەیشتین، ئیحساسم كرد ئەمن ئەقەلەن رۆژێ دوو سەعات خوا (رب)ی منە، چونكی دەفەرمی: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ) ئەووەختی فیعلەن ئائەو موصطەلەحە ئیسم بی یان فیعل بی ئەدای دەوری خۆی كردیە لە داخیلم، كە سەبر سەبر برندتر دەبم، مەثلەن: (أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى) (العلق ١٤) رۆژی دوو سەعات ئیحساس بكەم خوا دەمبینی، ئەوا فیعلەن ئائەو موصطەلەحە كە: (أَنَّ اللَّهَ يَرَى)، (أَنَّ اللَّهَ

يَرَى) دەبینی خوا دەبینی: (أَنَّ اللَّهَ يَرَى)، فیعلەن ئیحساسم بەوەی کرد رۆژێ دوو سەعات ئیحتیاجم بەو موصطەلەحە نەما، ئەوە دەبتە مەلەکە تێمدا، کوو ئەمن وەکی نانی دەخۆم لۆ گێم نابەم لۆ دەوم دەبەم، عەینەن وەکی نان خواردنەکەی لێدێ.

فیعلەن ئیحساس دەکەم باری تەعالا لە هەموو جێیەکی دەمبینێ کە مومارەسەی ئەو حالەتەم کرد: (أَنَّ اللَّهَ يَرَى)، ئەوە ئیکتیفای پێهات، ئیحتیاجم بە تیکراری وەی نییە، دەچمە موصطەلەحەکیتکە ئیسم یان فیعل، ئیذەن حالەی واقیعی ئیثبات بوونی وجودی شتەکەیە.

(پرسیار) ئەو برایە بەحثی کەلیمەی غەفور و عەفو دەکا، بەڵام لە سورەتی موجادەلە لە ئایەتی دوو دەفەرمی: (وَإِنَّ اللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٌ) (المجادلة ٢)، دەبینین فیعلی عەفو پێش غەفور کەتیە ئەگەر بێت ئەوە روون بکەیتەوە.

(وەڵام) ئەگەر تەمەشای ئایەتەکە بکەی، لە مالێ قورئانی بکەوە تەمەشا بکە مەفهومی ئایەتەکەی لەبۆ فیعلی مەئمورات نییە، ئایەتی: (عَفُوٌّ غَفُورٌ)، گوتمان ئەمە کەلیمەی غەفور لەبۆ تەغطیە کردنی لەبۆ سترکردنی کەشف نەکردنی تەقصیرە، لە مەفهومی ئیفعەل بکە نەك لاتفعل مەکە، کەلیمەی غەفوری لە ستر کردنی تەقصیری عەبدە لە چاکە کردن.

گوتمان باری تەعالا فەرموویتی: نوێژی بکەن بە هەموومان لە نوێژەکەش دەبی سەد دەرەجەی بینین، ئەمە سەد دەرەجە لە نوێژەکەی بینین، ئەمما ئەگەر نەوەدمان هینا دە دەرەجە تەقصیرمان هەبووە، باری تەعالا ئەو دە دەرەجە کەمەی قەبول ناکا، ئەو ئەمنی خەلق کردیە بە سەد بتانم سەد دەرەجە لە نوێژ بینم، بەو نەوعەی خەلقی کردیمە کە نەوەد دەکەم تەقصیرە لە من، موقابیلی وەی باری تەعالا چ دەکا؟ فیعلەکی هەیە (يغفر) ئائەو دە دەرەجەیەی ستر دەکا، خۆی ئەوجا بە عەفو و رەحمەتی خۆی ئەو دە دەرەجەیەی برند دەکا لەبۆ سەد، ئەوە مەفهومی کەلیمەی غوفران بوو.

لەو سورەتەی کە ئەو برایە بەحثی دەکا مەفهومەکە بەو نەوعەی نییە، ئایەتەکە لە سورەتی موجادەلە مەعکوسە لە مەئمورات نییە، لە مەمورات نییە، یەعنی لە مەفهومی کەلیمەی ئەمری کردبی باری تەعالا و ئەو ذاتە لە ئەثنای ئەمر کردنەکەی تەقصیری کردبی ئەوها نییە، لۆیە گوتمان لە یەك جێ ئەو کەلیمەیە هاتیە.

(پرسیار) ئەو برایە بە عەرەبی: ألقيت في محاضرة من محاضرات بأن ثلاث سور نزل على رسول الكريم، وقد قلت بأن رسول الكريم صلى الله عليه وسلم أعمل بعمل المطلوب في سورة لمدة سنة واحدة أو أكثر، فم الواجب في هذه الوقت عند متابعة أسماء الله الحسنى و سور القرآنية لكي يتمكن؟ چاکە تێی گەیشتم.

(وەڵام) سائیل دەفەرمووی باری تەعالا یان ئەمە گۆتیتمان؟ ئەمە گۆتیتمان، کە لە ظەرفی ساڵەك پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم (قیام الیل)ی کردیە، بەڵێ ساڵەکی کامل (قیام الیل)ی کردیە لەبۆوەی فیعلەن ئەو حالە ئیمانیە کە مەطلوبە لە داخیلی پێغەمبەر دروست ببی، ئەوجا پاشان پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەو حالە ئیمانیە بکاتە عەمەل تەفعیلی کا لەبۆ غەیر، تەحویلی کا غەیر لێی ببینی عەمەلی صالح، (امنوا وعملوا الصالحات)ی لێ بێتە جێ.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نەك بەس ساڵەکی کامل بیست و دوو ساڵی کامل پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم (قیام الیل)ی کردیە، بیست و دوو ساڵی کامل (قیام الیل)یش لە ثولوثی کەمتر هەڵنەستایە، یەعنی ئەگەر هات و شەو دوازدە سەعات بووبی لە قیممەی ماندی بوون و ئەزیەت و نەخۆشی چار سەعاتی هەر هەرستایە.

لۆیە تەمەشای نیهایەتی سورەتی موزەمیل بکەن پێنچ ئایەتی ماقبل الأخیر دەفەرمووی: (إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَى مِن ثُلُثَيِ اللَّيْلِ وَنِصْفَهُ وَثُلُثَهُ) (المزّمّل ٢٠) سێ بەشی، (وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ)، باری تەعالا کە ئایەت دادەبەزینی فلیمی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هەمووی دەبینی، هەتا ئەخیر لەحظە ئەخیر لەحظە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کو دەباتە سەر، لۆیە لە سورەتی موزەمیل ئەوەی لۆمە دانایە، هەر چەندە نزولی ئایەتەکەی موتەئەخیرە، طەبیعەتی پێغەمبەر لەگە جەمعی موئمنینی یەکەم بەدەنیان لەگە ئیمان ئاودرابوو، قوڕی بەدەنیان برێن بیلا تەشبهـ لەگەل ئاوی ئیمان ئاودرابوو، بەوی هەرشێرابوو، لۆیە زۆر طەبیعی بوو هەستانیان، لۆیە دەرسی پێشتران تەعەجوبمان دەکرد کابرای عەوامی مە لەسەر جادەی لە چایخانەی هەتا سەعات دوو سێ دادەنیشی، بەس لەبۆ دۆمینە لێدان تەقە تەقی دۆمینەی زۆریش طەبیعیە سبەینێ دەچیتە ئیشی خۆی.

یەعنی هەستانەکە تەکلیف نییە، ئەصلەن بونییەی بەشەری ئەوها دروست کرایە، لۆیە لەبۆ فلیم دادەنیشی مەثەلەن هەتا سەعات دووی شەوێ زۆر طەبیعیە هەست بە ماندیبوون ناکا، تەجروبەکەن لۆ خۆتان ڤیدیۆت هەبی فلیمەکی خۆشبی عادی هەتا سێی شەوێ دادەنیشی تەماشای دەکەی باوەشکیشت نایێ، لۆ؟ بەدەنەکەی ئەوها دروست کرایە بتانی هەستی، باری تەعالا ئەصلەن ئەو جیهازەی لەبۆوەی خەلق کردیە هەستی ئەمما لۆ کێ هەستی؟ لۆ وی.

لۆیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە هەردەستا طولی وەقت هەردەستا، بەس ئەو هەردەستا؟ نەء: (وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ) ئەوجا: (وَاللَّهُ يُقَدِّرُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ عَلِمَ أَن لَّن تُحْصُوهُ فَتَابَ عَلَيْكُمْ) لە نیهایەتیش دەفەرمی: (وَاسْتَغْفِرُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ) (المزّمّل ٢٠) چ گوناحیان نەکردیە ئەها مەفهومی غەفور تازە بەحثمان کرد، ئەمما دەبی ئیستغفار بکەن چونکی تەقصیر موحتەمەلە هەبی لەو ئەدائەی.

ئیذەن نەك بەس پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم جەمعی صەحابەی كیرامیش هەڵدەستان بە طولی حەیاتیان، ئیذەن هەستانەكە بەس لەبۆ فەترەی یەكەم سورەتی مزمل و مدەثر و شمس و ئەوانە تەكوین نەدەكرا، لە داخیل هەر هەمووی كوشەن كە هەڵدەستا، وەكو طەڵەبەكەی دەبی بچتە مەكتەبێ، وەكی طەڵەبەكی دەبی بچی حاضربی لە مەكتەبێ، غیاب و حضور بنوسرێ، لەسەر كورسیەكەی دانیشی، ئەوجا پاشان عیلاقەی بەوەی دانییە چ ماددەك لە سەری تەحویل دەكرێ، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەگەڵ جەمعی موئمنین دەبی هەستی، هەستانەكە فەرضە لەسەری ئەوانیش موكەلەفن بە هستانەكەی، جیهازیان ئەوها دروست كرایە، ئەوجا پاشان باری تەعالا چ دینتە خوارێ وەكو دێنتە خواری عیلاقەیان پێدانییە، بەس ئەوان وەریدەگرن ئیستیعابی دەكەن، تەحویلی دەكەن لەبۆ واقیع، هەتا ببنە (آمنوا)، یەكەم جار پاشان (وعملوا) دووەم جار (الصالحات) سێیەمین جار ئینتاجەكەیە، هەموو قورئان ئەوهایە (أمنوا وعملوا الصالحات)، هەتا (امنوا) نەبی (عملوا) نەبووە، هەتا (آمنوا) نەبی لە قورئان ئەوها نەهاتیە كابرایەك بێ (عملوا) بكا، نوێژێ بكا پێش ئەوەی ئیمان بینی، ئیمانەكی حەق (آمنوا وعملوا الصالحات) ئەوە قاعیدەی ریاضیە لەناو قورئان، فیعلەن دەبی بە شەو ئەو (آمنوا)ە دروست ببی لۆوەی لە رۆژ (عملوا)ەكە ببتە (صالحات) بەبێ ئەتەكێت و تەفەنون.

(پرسیار) ئەو برایە دەفەرمووی ئایا جیاوازی لە نێوان أسماءالله وأفعاله یاخود أسماء الله وصفاته چیە؟ ئایا دروستە لە جیاتی ئەفعال صیفات بە كاربهێنین؟

(وەڵام) ئەوە گوتمان موضوعەكە زۆر موعەقد نییە، كەلیمەی صیفە لە قورئان مەذكور نییە، ئەو برایە كە ئەو سوئالەی پرسییە دیارە مواكیبەی دەرسی یەكەم و دووەم و سێیەمی لەگەرمان نەبووە، چونكی گوتمان ئەوەی لەناو قورئان هاتبی مەوضوع ئیقراری لەسەری دەكەین، هەتا بە زمان بە قسەكردن ئەوەی لە قورئان لە حیكمەی پێغەمبەر نەهاتبی وازی لێ دەینین، بەبێ ئەوەی بەحثی بكەین، بەبێ ئەوەی تەجریحی كەین قسەی لەسە بكەین لێیدەگەرێین.

كەلیمەی صیفە لە قورئان لەبۆ باری تەعالا نەهاتیە، بەس لەیەك دوو جێیان یەك لەوانە بە سلبی هاتیە كە دەفەرمی باری تەعالا خۆی لۆ خۆی: (سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ) (الصافات١٨١) ئیذەن باری تەعالا دیارە بەعضە ئەوصافی پێگوترایە پێی لائق نەبووە، پێی جوان نەبووە كەلیمەی صیفەش لە قورئان لەبۆ خۆی لەبۆ خۆی دانەنایە، بەس فەرمویتی ئەسماء و ئەفعال، ئیذەن كە ئەمە دێین تەعەبود بكەین عیبادەتی خوای بكەین چی لەبۆ خۆی دانابی ئەبەو نەوعەی لۆی دادەنێین، دەرێ ئەسماء بەرێ (یارب)ی ئەسماء، ئەفعال بەلێ (یارب)ی ئەفعال، نارێین صیفاتیشت هەیە (یارب)ی لۆ خۆی نەیگۆتیە ئەوە مەوضوعەكەیە لێرە، بە تەصەوری من تەئەدوب ئەوهایە رابوەستین، كە گوتمان صیفەتیتكەش

دروست دەبی، دوایێ دەبی برێین صیفاتی ثبوتی و صیفاتی مەنفی، صیفاتی مەنفی دەبتە فیعلی مەنفی فیعلی ثبوتی، ئەوە داخیلی بەعضە مەتاهاتمان دەکا، ئەمە لۆوەی دانەنیشتینە دەمانەوێ فیعلەن خوای بناسین بە حەقیقەت هەتا بتانین عیبادەتی بکەین بە حەقیقەت.

(پرسیار) ئەوە سوئالەکی فەلسەفییە دەلێ: باری تەعالا ئینس و جنی خەلق کرد زانیمان لەبۆ عیبادەت خەلقی کردینە باشە لۆ بەس ئیمتحانی ئینسان دەکا؟

(وەڵام) ئەو برایەمان لە موصتەحیحی کەلیمەی ئینسان لەگەری نینە، پاشان کەلیمەی ئیمتیحان لە قورئان نەهاتیە لەبۆ موئمنین ئیبتلاء هاتیە، لەبۆ کەفەرە فیتنە هاتیە، صەراحەتەن بە من ضروریە مەعلومات و موصطەلەحاتی قورئانی بزانین چیە لۆوەی فیعلەن لە ئیرادەی خوای بگەین وە بتانین مەقسەدی خوای ئەدا بکەین، یەعنی کە بەحثی مەفهومی عیبادەتیش دەکەین عیبادەت بە جوزئیات نییە ئەوەی کە ئەمە تێیگەیشتینە کوشکە موتەکامیل لەناو قورئان.

فە بەحثی مەلائیکەتیش دەکا، لماذا لم یجردنا من الغرائز کالملائکة کي نستمتع بعبادتنا له جل و علا، بە عەکسەوە ئەگەر بهاتبا ئیمان ئەو برایەمان لە ئیمان بگەیشتبا سوئالی ئەوەیە دەرێ لۆ ئەمە لە عیبادەتمان لەذەتمان نییە؟ برای عەزیزم باری تەعالا دەفەرموی عەظیمترین هەدیە کە دەدرێتە ئینسانی موئمین ئیطمینانە، ئیطمینان لە دونیایە لۆیە دەفەرمووێ: (أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ) (الرعد ٢٨) پێشی ئیطمئنانیش مەراحیلیتکە هەیە: (أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ) (الشرح ١) ئینشراح، (وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ) (الشرح ٢) ئەوە لەبۆ هەموو موسڵمانەکییە: (وَوَضَعْنَا عَنكَ وِزْرَكَ) هەر موئمینەك کە دێ بە تەسەلسولی ئیمان دادەڕوا ئەو حالەتانەی لەبۆ دروست دەبی مەرحەلەی یەکەم ئینشراح لەناو داخیلی، پاشان مەرحەلەکی دی زۆر موتەطەورتر ئیطمینان، کە فیعلەن ئەو برایە عیبادەتی حەقی خوای بکا وفقی ئیمانی صەحیح فیعلەن نائیلی ئەو ئیطمیئنانە دەبی.

باری تەعالا یاخود ئەو صالحە یەك لە تابعینەکان حسن بەصری رەزای خوای لێ بی دەفەرمی: واﷲ لو علم الملوك ما نحن فیه من نعمة واﷲ لجالدونا بالسیوف، مەلیکەکانی کورەی ئەرض بیانزانیبا ئەمە لەناو چ نیعمەتەکی داینە وە ئەوان لە چ شەقاوەتەکی دانە و(اﷲ) بە زۆر دەهاتن بە شیر بە شمشێر شەڕیان لەگەل دەکردین، لۆوەی فیعلەن ئائەو نیعمەتەی لە قەلب و درمان دەربینن لۆ خۆیانی ببەن.

لۆیە قەناعەتتان هەبی ئەو ئیطمیئنانە ثوقلی عەظەمەتی ثەمەرەی لەذەتی خوشیەکانی یەك لەحظەی موقایەسەی بکەی، بە هەموو کەون بە هەموو وجود قیاس ناکرێ، نەك هەولێرت لەسەر تاپۆ بکەن، ئەوەندە کافیە فیعلەن ئەو ذاتە لەگە باری تەعالا لە حالەك شەفافییەت دایە هەموو کورەی ئەرضی لەسەر تاپۆ بکەن ئائەو لەحظەیە لێی تەنازول ناکا، ناشکرێ صەراحەتەن مەوضوعەکە قەلبیە یەعنی

تەعریفی زیاتری بدەینێ، فە دوعا دەكەم لەبۆ خۆشم لەبۆ ئەو برایەش إن شاءالله خودا لەذەتی ئیطمیئنان و ئینشیراحی صەدری بداتێ.

(پرسیار) ئەوە وەختی خۆی پرسیارەكە ئەوە هاتیە دەرێ وەختی خۆی گۆتیتت ئەو ذاتە ئەو ذەواتان لە قورئان تەصنیف كراینە.

(وەڵام) گوتمان ئەو ذەواتانە لە قورئان تەصنیف كراینە، گۆترە هەر یەكە نابتە موئمین، گۆترەش هەر یەكە نابتە كافر، گوتمان طەلەبە ئیبتدائیە لەبەر عومر و مستەوای عیلمی لە ئیبتدائییە، پێی دەگوترێ طەلەبەی ئیبتدائی، ئەمما ئەگەر ئەو مندارە شەش سارییەی نەقل كەی لەبۆ جامیعەی عەیبە دروست دەبی وەنییە؟ عەیبە ئەو ئیپتیدائیە مندارە شەش ساریە ببیەی لە كولییەی لە جێی دكتۆرەكی دانێی نەشازە شتەكە رێك نییە.

ئیذەن دەبی ئەوە ببتە دوازدە ساری لۆ مەتەوسطە و ئیعدادیەی سەرەوەتر لەبۆ كولییەی، ئەوجا بچتە ببیتە ئوستاذ لە جامیعەی، لۆیە باری تەعالا بە نەفسی ئوسلوب لەگەر مە تەعامول دەكا، ئەدنای ئەو ئیپتیدائیەی گچكەترین كەمترین دەرەجە حاشاكی مەوجودین حاضرین ئەنعامە، ئەنعام ئەوەش وەكی مە بەشەرن وەكو مە ئینسانن، ئەمما حەیوانن ناویان نایە ئەنعام، نەك حەیوان ئەنعام ئەوانە ئەدنا مستەوانە.

قیچەك موتەطەویرتر دەبی دەبتە ئینسان، ئینسان لە شێست و چار جێ لە قورئان ذكر كرایە هەموو صیفەتەكانی سلبیە، یەعنی ئەمە بە كابرایەكی دەرێین ئەتۆ ئینسانی ئەوە جێی تەقدیر و ئیحترام نییە، لەبۆی لە قورئان كەلیمەی ئینسان كەمایەتیەكە لەبۆ ئەو ذاتەی.

پاشان قیچەك تەطەورتر دەبی داخیلی ئیش دەكا دەبتە ناس، لە دوو سەد و چل و قسور جێ بەحثی كرایە، ناس فیطرەی هادیئە كابرایەكە بەسیطە سەطحیە زوو ئیشی لێ دەكرێ، ئیشی لەسەر دەكرێ، قیچەك پاری پێوەنێی دەبیتە كابرایەكی باش، پاری لۆ خراپەی پێوەنێ دەبتە ئینسانەكی موجریم، ئەوە ناسە ئەوەش مەرتەبەكیتكەیە تەصنیفەكیتكەیە.

لەوەی موتەطەویرتر دەبتە بەنی ئادەم، حەفت جار لە قورئان ذیكر كرایە بەنی ئادەم، ئائەو ذاتەیە ئیحساس دەكا بەینی خۆی و بەینی حەزرەتی ئادەم عیلاقەك هەیە، نالێ ئەمن كوڕی مەیمونیمە ئەمن لە ڤایرۆسی هاتیمە، نا دەلێ ئادەم هەبووە خوا ناردیتی خوا عیلاقەی لەگەر هەبووە ریسالەی لەبۆ ناردیە ئەوە بەنی ئادەمە.

قیچەك موتەطەویرتر دەبی دەبتە بەشەر، بەشەر لە مستەوای ریسالەیە، بەشەر لە مستەوای وەرگرتنی دینە، ماتەبەقا ئەوانە هەر وەكی خۆیان دەمینێن، مەثەلەن ناسەكە نوێژیش بكا هەر ناسە، جوملەك فیكری كوفری و شیركی لە مێشكی هەیە، ئەمما هەر ناس مایە، ئینسانەكە بێ نوێژیش بكا

هەر ئینسانە، (هلوعا) (منوعا) (جزوعا) (لحب الخیر لشدید) ئائەوانەی هەموو تێدایە، ئەمما کەینێ حەقیقەتی دین وەردەگری لە مستەوای بەشەر، کە بووە بەشەر ئەووەختی فیعلەن دەتانی ئیمتیصاصی مەئمورات بکا، دەتانی عیلاقە لە بەینی خۆی و خوا دروست بکا.

لە بەشەری موتەطەویرتر دەبتە موسلیم، موسڵمان دەکەوتە ناو دائیرەی ئیسلام، ئەو جارە، لەناو ئیسلام دەوائیری زۆر هەیە، هەیە جوملەك (ئیسلام) ی نەقصە مەثەلەن قەلبی نەخۆشە موسلمانە، قەلبی نەخۆشە موسلیمە، موناڤیقە ئەوە هەموو لەناو دائیرەی ئیسلام هەیە، ئەگەر بێ ئەو تەصفیەی خۆی بکا دەبی ببتە موئمین.

دائیرەی موئمین شێست و سێ یان حەفتا و سێ طەبەقەیە دەبی تەطەور بکا، جوهود لەگەل خۆی صەرف کا هەتا سەقفی برندترین مەرتەبە، لەوێ تەحویل دەبی لەبۆ ئیحسان دەبتە موحسین، ئیحسانیش ئەو حالەتەیە کە فیعلەن دەیەوێ خوای ببینی، ئەگەر ئەویش لەو مستەوایەی نەبی خوای ببینی خوا ئەوی دەبینی، هەموو لەحظەك ئەوە مستەوای ئیحسانە.

ئەوە تەطەوری نەوعییە، تەصنیفی نەوعییە، لەبۆ ئەو ذەواتانەی کە ئەمە ناومان نایە ئینسان، لە قورئان ئەو تەرتیبەی هەیە، ئەگەر خوا تەوفیق بدا نەمرین لە موستەقبەل دەرسەکی موتەکامیل لەبۆ ئەو مەوضوعەی دادەنێین ان شاءالله تعالی.

(پرسیار) ئەو برایە دەرێ گوتوتە ئەسماء و ئەفعالی خوا شتێکە و ذات و وجودی شتێکی ترە چۆن؟

(وەڵام) نەخێر ئەو کەلیمەیە لێرە ذیکر نەکرایە باری تەعالا گوتیتمان بەس ئەسماء و ئەفعالی هەیە فەقەط بەس، ئەو کەلیمەیە لێرە نەگوترایە عەفومانکە.

(پرسیار) ئەو برایە دەرێ شارەزابوون لە قەواعیدی عەرەبی پێویستە بۆ شارەزابوون وە تێگەیشتن لە قورئان ئەگینا کابرای ئەجنەبی المهم کوو دەزانی قورئان بخێنی؟

(وەڵام) نەخێر شەرت نییە، لە بیدایەتی دەرس گوتمان جوملەك مەعانی هەیە، ئینسان پێی دەزانی شەرت نییە بە زمان بە تەعبیر بە تەعبیر، مەثەلەن کێهانمان مندارمان نەدیتیە عومری دوو مانگە عومری دوو مانگە لەناو لانکێ ئیبتسامە ناکا، زەردەخەنەی نایێتە سەر لێوی دیتیتان یان نا؟ کێ دیتیتی؟ ئەغلەبتان دیتیتتان باشە ئەو مندارە نوکتەی لۆ گۆترایە وەیە یان نا؟ کەس بەحثی هیچی لەگەر نەکردیە، ئەو مندارە لەو گۆڕەی ئیبتسامەی دەکا، باوەر بکەن ئەمن سێ رۆژیم دیتیە مندار سێ رۆژ لە دایکی بووە دیتیتم ئیبتسامەی کردیە، زەردەخەی لە لێوی لێوی کرایتەوە، عیلمەن ناشزانی نازانی ئیبتیسامە چیە، باشە دەبی نەزانی ئیبتیسامە چیە وەیە یان نا؟ ئەگەر نەزانی کو ئیبتیسامە دەکا، لەوی گەڕێ هەر عەینی مندارم دیتیە سێ رۆژان چاویشی قەپاتە دەگریێ دەموو

چاوی وێك هاتیە، ئەنگۆش دیتیتتان یان نا جەمەعات وەیە یان نا؟ ئا بە چ؟ ئەوە بە جیهازەکەی داخیلی.

ئیذەن ئەو مندارە خۆی عالەمەکە حوزن و فەرەحی هەیە، لە خۆشی و ناخۆشی دەگا لۆیە تەعبیر دەکا بە دەم و چاوی ئەلەمی هەیە، زەحمەتی هەیە لە زگی غازاتی هەیە لە زگی دەگریێ، لۆیە پێشتریێ گوتمان ئەگەر داك ئاقل بی لە تەربیەی ئیسلامی گەیشتبی، باوەڕ بکەن لە دەنگی مندارەکەی لە گریانی مندارەکەی دەزانی ئەو مندارە نەخۆشە یان لە برسان دەگریێ، ئافرەتی ئاوەهام دیتیە موسڵمان لە دەنگی منداری کەشف کردیە ئەوە زگی دێشی یان ئەوە برسیتی، جاریێ لە عومری شەش مانگە مندار، ئیذەن بە نەبەراتی صەوتیشی دەتانی تەعبیر لە داخیلی بکا وﷲ المثل الأعلى...